# ئایندەی سومبولەکان

## فەرش و بەڕەی ڕۆژهەڵاتی وەک نموونە

شۆڕش حەمەساڵح

ئەوکاتەی کە نوسین و خوێندنەوە هێشتا نەبووبووە پێداویستیەکی کۆمەڵایەتی، مرۆڤەکان لە ڕێگای هێما وسومبولەکانەوە پەیامەکانیان گوێزاوەتەوە بۆ یەکتر. بوونی سەدان هێڵکاری و هەڵکۆڵین و وێنەکێشان لەسەر ئەشکەوت و بەرد و درەختەکان ئاماژە بەو ڕاستیە دەدەن . ئێمە لە ئێستادا بەو چالاکیانە دەڵێین هونەری کۆمەڵگا دێرینەکان.

هونەری دێرین لەگەڵ گەشەکردنی شارستانیەتەکاندا فۆرم و بنەمای خۆی دادەڕێژێت. بەو فۆرمانە دەووترێت هونەری ترادسیۆن. هونەری ترادسیۆن بە کۆی ئەو چالاکیە هونەریانە دەووترێت کە شارستایەتێك بە درێژایی تەمەنی خۆی دروستیکردوە. شارستانیەتەکان بە گشتی ڕەگوڕیشەیەکی ئاینیان هەیە، هەر بۆیە هونەری ترادسیۆن بەگشتی ئیش لەسەر پیاهەڵدانی بنەمان ئاینیەکان دەکات. بۆ ئەو مەبەستە لە ڕێگای دروستکردنی سومبول و هێماکانەوە هەوڵیان داوە مرۆڤەکان گرێبدەنەوە بە میتافیزیکەوە. لە بەر ئەوی مرۆڤی ئاینی بە سروشت مێشکێکی سومبولی هەیە و ئاسان دەتوانن پەیوەندی دیاریدەکان ببەستنەوە بە یەکەوە. بۆ نموونە؛ بەستنەوەی هەورە تریشقە، بە توڕەی خوداوە یان بەستنەوەی بارانبارین بە بەزەیی خوداوە، هتد. بۆ ئەو جۆرە مرۆڤانە ئاسانە سومبول و هێماکان بخوێننەوە و پەیوەندی لەگەڵدا دروستبکەن.

لەدوای قۆناغی ڕێنساسی ئەوروپیەوە هەتا ئێستا مرۆڤەکان وورده وورده دادەماڵدرێن لەو جۆره بیرکردنەوەیە کە برەو دەدات بەلایەنی سومبولی. پچڕانی پەیوەندی نێوان مرۆڤ و خودا لەم سەردەمەی ئێمەدا یەکسانە بە تێکشکانی هەموو ئەو هێما و ڕەمزانەی کە ڕۆژگارێك مرۆڤەکان لێیەوە دەستیان گەیشتوەتە جیهانی میتافیزیك. ئەتوانین بڵێین سومبول تاکە ئامرازێك بوە کە ئەو کارەی پێکراوە. بۆیە لەئێستادا بەبێ تێگەیشتین لە سومبول، ئەستەمە بتوانین لە هونەری ترادسیۆن تێبگەین.

کورد بۆ زیاد لە هەزارساڵە لەژێر هەژموونی هونەری ترادسیۆنی ئیسلامیدا بوە. بۆیە زۆربەی چالاکیە هونەریەکانیشی لەژێر کارگەری سومبولە ئاینەکانی ئەو ئاینەدا داڕشتوە. یەکێک لەو هونەرانەی کە کورد تیایدا بالادەستبوە و توانیویەتی داهێنانی تیادا بکات هونەری چنین ە، بەتاییەت فەرش و بەڕە. وەك (فەرشی شاریی) بێجار و سنە، یان (فەرشی خێڵەکی) جاف و هەرکی . هتد.

ئێمە وەک کورد هەتا ئێستاش نەمانتانیوە لە ڕووی مانا و لە ڕووی ئیستاتیکاوە شیکردنەوەیەکی قوڵ بکەین بۆ ئەو بەرهەمە هونەریانەی کە لە مێژووی خۆماندا خولقاندوومانن. ئەوەی کە گومانی تێدانیە ئەوەیە کە

هـونەری بینراوی کوردی هــەتــا ئێستاش لە ڕووی ئیستاتیکی و مــانــاوە نەیتوانیوە شــتێک بەرهەمبهێنین کە جوانتر و قوڵتر بێت لە فەرش و بەڕە. بەداخەوە ناوەندە ئەکادیمیە هونـەریەکان لەم ڕوەوە زۆر ناشارەزا و دەستکورتن، کە ئەوەش هۆکاری خۆی هەیە و لە بۆنەیەکی تردا قسەی لەسەر دەکەین.

**سومبول چیە؟**

مـرۆڤەکان لە نێوان زمـانی نـوسین و وێنەکێشـاندا جۆرە زمـانێکی تـریان بەرهەمهێناوە کـە پێیدەوتـرێت زمـانی وێنەیی. زمـانی وێنـەیی تێکەڵەیەکـە لـە هێما و وێنە بۆ گەیاندنی پەیامێکی شـاراوەتر لـەوەی کە تەنـها بـە زمـان یان بە وێنە بتوانین بیگەیەنین. یۆنانیەکان ووشـەی هیرۆگلۆفی ان بۆ زمانی وێنەیی بەکارهێناوە کە بە مانای ( نـوسینی پیرۆز) دێت. زمـانی وێنـەیی ( هیرۆگلۆفی) بۆ گـەیانـدنی پەیامە ئـاینی و ڕۆحیەکان دروسـتبووە کە بە ئێستاشەوە ئاینەکان ئیش لەسەر ئەو زمانە وێنەیە دەکەن. لە بنەڕەتدا ئامانج لەو زمانە، تێگەیشتن بوە لە لایەنە شـاراوەکانی خۆیان و جیهان، هەوڵێک بـوە بۆ دۆزینەوەی کلیلێك هـەتـا ئـەو دەرگـا داخـراوەی پێبکەنـەوە کە مرۆڤەکان باوەڕیان بە بوونی هەیە. بەم کلیلە سیحریەش ووتراوە "سومبول".

**سومبول لە ناو فەرش و بەڕەدا**

سـروشــت کاریگەریەکی گەورەی دانــاوە لە سەر ڕۆح و دەروونی مـرۆڤە کۆچەری و لادێ نشینەکان. ئــەو کاریگەرە بە ئاشکرا ڕەنگی داوەتەوە لەسەر ژیان و بەرهەمە دەستیەکانیان. سروشتی ژیانی کۆچەریەکان وایە کە بەردەوام دەبێت کۆچ بکەن لە پێناو دابین کردنی خۆراکی پێویست بۆ ئـاژەڵەکانیان. ئەم دووبـارەبـوونەوەیە لە ژیانیانـدا وای کردوە کە بەردەوام نـزیکبن لە جـوانیەکانی سـروشـتەوە. خۆشی و نـاخۆشیەکانیان، تـرس و دڵەڕاوکێکانیان کاردانەوەیەکی ڕاســتەوخۆیان هەیە بە ســـروشــتەوە. ئەوان بەردەوام وێنەی ئەو حـــاڵەتە سایکۆلۆژیانەی خۆیان لەسەر ئەو شتانە کێشاوە کە لە بەردەستیاندابوە. وێنەکـان لە سروشتەوە وەردەگرن و بەشێوەیەکی سومبولیکی دەیانکێشنەوە، ئەمەش وەک وەڵامێکدانەوەیەك بۆ پێداویستیە ڕۆحی و دەروونیەکانیان ئـەنجام دەدەن. ئەم دەستڕەنگینیەشیان بە ئـاشکرا لە هـونەری چینیندا بەیانکردوە. ئەوان هەرگیز خۆیان وەک هـونەرمەنـد پێناسە نەکردوە. هەر شـتێکیان دروسـتکردبێت پەیوەنـدی بە پێداویستیە ڕۆژانەییەکانیانەوە بـوە. بە شێوەیەکی ســروشــتیش شــتەکانیان جــوان دروســتکردوە، واتە مــاڵ و ڕەشــماڵەکانیان بە شێوەیەکی جــوان ڕازاندوەتەوە.

**تێگەیشتن لە فەرش و بەڕە**

لەم سەردەمەدا فەرش یان بەڕەیەکی کۆن بەدەر لەوەی کە پارچەیەکی جوان و دانسقەی هونەریە، هەڵگری چەندین مانای نادیارە. هەر فەرشێك وەک پەڕەیەک وایە لە کتێبێکی دێرن، کتێبێک کە بە زمانێکی سومبولیی نوسراوەتەوە. بەداخەوە ئیمە لە ئیستادا زۆرکەم دەربارەی ئەو زمانە شارەزاین. وەک چۆن نوسینی سەر تاشە بەردینەکانی سەدەکانی ڕابوردوو پێویستیان بە خوێندنەوە و پشکنین هەبوە. بەهەمان شێوەش تێگەیشتن لە ڕەمز و سومبولەکانی ناو فەرش پێویستیان بە هەمان پشکنین هەیە. لێرەوە بۆ تێگەیشتن لە فەرش هەوڵدەدەم لە سێ ڕەهەندەوە سەیری بکەم .

**١- ئەندازە ( دیزاین وهاوسەنگی)**

**٢- ڕەنگەکان**

**٣- نەخشەکان**

**هەندەسە ( دیزاین و هاوسەنگی)**

هاوسەنگی ئەندازەیی لە دیزاینی فەرش و بەڕەدا یەکەمین هەنگاوە بۆ دروستکردنی فەرشێکی تەواو و جوان. پاشان دانانی نەخشەکان و ڕەنگەکان بۆ تەواو کردنی ئەو هاوسەنگیە ئەندازەییە لەسەر ڕووی فەرشەکە دادەنرێن. لە فەرشدا هاوسەنگی نەک تەنها جوانی دروستدەکات بەڵکو هەستی موتەکاملبوونیش لەلای بینەر بەجێدەهێڵێت. مرۆڤ بەسروشت حەز بە ڕێکخستن و ڕێکدانانی شتەکان دەکات. ئەوەش هەوڵێکی سایکۆلۆژیانەی مرۆڤە بۆ هەستکردن بە هاوسەنگی ناوەکی . واتە بە ڕێکخستنی شتەکانی دەرەوە هەست بە ئارامی ناوەکی دەکات. کانت، ئەوە چالاکیە بە یەکەمین هەستی ئیستاتیکی لای مرۆڤ دادەنێت. ئەو شێوازە بە ئاشکرا لە ڕێکخستن و هاوسەنگکردنی کارە هەنەریەکاندا هونەری ترادسیۆن دا دەبینرێت. فەرش نمونەیەکی بەچاوی ئەو ڕێکخستنە ئەندازەییە.

بە شێوەیەکی گشتی دیزاینی فەرش چوار جۆرە.

**١- چوارلا**



لەم شێوازەدا، چواریەکی دیزاینەکە دروستدەکرێت و پاشان دووبارەی دەکەیتەوە هەتا وێنەکە بەتەواوەتی دروستدەبێت. ئەم شێوازە هاوسەنگیەکی ئەندازەیی تەواوی هەیە.

**٢- دوولا**



لەم شێوازەدا یەك لای دیزاینەکە دروستدەکرێت و پاشان دووبارەی دەکەیتەوە، بەشێوەیەکی گشتی بەرماڵ بەم شێوەیە دیزاین دەکرێت.

**٣- دووبارەکردنەوەی بەردەوامی هەمان نەخش**



لەم شێوازەدا یەك نەخش هەڵدەبژێریت و بەشێوەیەکی ئەندازەیی دووبارەی دەکەیتەوە هەتا هەموو فەرشەکە داگیردەکات.

**٤- تێکەڵکردنی نەخش.**



لەم شێوازەدا نەخشەکان بە تێکەڵی دادەنرێن، بەڵام لە ڕێگای دانانی ڕەنگ و ڕێکخستنی نەخشە گەورە و بچوکەکانەوە  هاوسەنگەکیی تەواو دروستدەکات.

## ڕەنگ

ڕەنگەکان بەگشت کاریگەری دادەنێن لەسەر سایکۆلۆژیا و ڕۆحی مرۆڤ. زۆرجار لە ڕێگای ڕەنگی شتەکانەوە بڕیار لەسەر قبوڵکردن یان نەکردنی شتەکان دەدین. ئەو بڕیاردانەش پەیوەستە بە چۆنیەتی دەرکەوتن و ڕێکخستنی ڕەنگەکانەوە. هەر کەسە و بەپێی حاڵەتی سایکۆلۆژی خۆی حەز بە ڕەنگێك زیاتر دەکات لە ڕەنگەکانی تر، ئەوەش پەیوەندی بەو ووزەیەوە هەیە کە لە هەر ڕەنگێك دەردەچێت.

لە تیۆری ڕەنگ دا ، ڕەنگەکان دەکرێن بە دوو گرووپەوە، کە ئەوانیش ڕەنگە گەرم و ڕەنگە ساردەکانن.

ڕەنگی گەرم پێکدێت لە سوری مۆرباو ەوە بۆ زەردی سەوزباو، کە ئەم ڕەنگانە  ووزە و هەستی گەرمی دەبەخشنەوە. بە پێچەوانەوە ڕەنگە ساردەکان، مۆری شین باو بۆ سەوز، کە ئەمان هەستی ئارامی و دڵنشینی دەدەنەوە.




ئێمە لێرەدا قسەی لەسەر ئەو ڕەنگانە دەکەین کە لە فەرش و بەڕەدا بەکار هێنراوون. سەرچاوەکانی ڕەنگکردنی خوری ( خومکردن) لە کۆندا تەنها سەرچاوە سروشتیەکانبوە. وەك گوڵ و ڕەگی گژوگیا و گەڵاو توێکڵی درەخت و هەندێك جار جۆرە مێرووەیەکیان بەکارهێناوە بۆ ڕەنگی سوور کە ناسروە بە (لاك یان کرمز). کەواتە لە ڕووی بەکارهێنانی ڕەنگەوە تاڕادیەکی زۆر دەستکورد بوون. هەر ناوچەیەوە جۆرە گژوگیایەکی لێبەرهەمهاتوە بەو بۆنەیەوە ڕەنگی فەرشی ناوچەیەك جیا بوە لە ناوچەیەکی تر. بۆ نموونە

کوردستان بەهۆی بوونی ڕێژەیەکی زۆری باران بارین و بوونی ناوچە شاخاوییەکان خاوەنی دەیان جۆر گوڵ و گیان جیاوازبوە بەو هۆیەوە فەرشی کوردی دەوڵەمەندە بە ڕەنگەکان لەکاتێکدا فەرشی بلوجستان کەمترین ڕەنگی تیا بەکارهاتوە بەهۆی ووشکی و نەبونی سەرچاوە سروشتیەکان لە ناوچەکەیان دا.



فەرشی خێڵەکی کوردی



فەرشی خێڵەکی بلوچی

هەرچەندە ڕەنگە سروشتیەکان زۆر کەم و سنوردارن بەڵام بەهۆی لێزانی و سەلیقەی هونەریەوە توانیویانە فەرش ببنە ئاستێکی بەرزی هونەری. دانانی ڕەنگە دژەکان لەپەنای یەك یان ڕەنگە گەرمەکان لەسەر ساردەکان وە بە پێچەوانەوە، ئەوەش بۆ ئەوەکراوە کە نەخشەکان زەق بکەنەوە و ڕەونەقی تەواویان هەبێت. لەم وێنەیەدا دەبینین کە چۆن ڕەنگە سورباوەکان لەسەر شینەکان دانراوون.



وەك بەشەکانی تری فەرش، ڕەنگەکانیش مانای تایبەت بەخۆیان هەیە. لێرەدا ئاماژە بە هەندێك ڕەنگ و ماناکانیان دەدەین کەلە فەرشەکاندا بەکار هاتوە.

| ڕەنگەکان | ماناکانیان |
| --- | --- |
| ١- سەوز | هیوا، تازەبونەوە، ژیان، بەهار، (وەک ڕەنگێکی پیرۆز دانراوە بەوپێیەی ڕەنگی بنەماڵەی پیاغەمبەری ئیسلامە) |
| ٢- سور | ووزە، جوانی، دەوڵەمەندی،ئازایەتی، خۆشی، بەختی باش. |
| ٣- شین | هێزی نادیار، وەهمی دوای مردن، خەڵوەت |
| ٤- پرتەقاڵی | بەزەیی و ڕەحم |
| ٥- زەرد | خۆر، لەزەتی ژیان، هیوا |
| ٦- سپی | پاکێتی، ئاشتی |
| ٧- ڕەش | غەمباری و وێرانەیی |
| ٨- ئاڵتونی | هێز و دەوڵەمەندی |
| ٩- قاوەیی | بەردەوامی دان بە ژیان |

هەڵبژاردنی ڕەنگەکان لای خەڵکە کۆچەری و خێلەکیەکان پەیوەندی بەو ژینگەیەوە هەیە کە تیایدا ژیاوون. هەر وەرزێک، ئاوهەوایەکی تایبەت بەخۆی هەیە و هەر وەرزێکیش ڕەنگێکی جیاواز دەدات بەو سروشتەی کە ئەوان تیایدا دەژین. لێرەوە هەڵبژاردنی ڕەنگ ئەوەندەی پەیوەندی بە حەزە ناوەکیەکانی مرۆڤەوە هەیە ئەوەندە هەڵبژاردنێکی لۆژیکی نیە. فەرشچنەکان دەرکیان بەوەکردوە کە هەر ڕەنگە و کاریگەریەکی تایبەت لەسەر سایکۆلۆژیای مرۆڤ دادەنێت، بۆیە بە ئاگاییەکی تەواوەوە زۆربەی جار ڕەنگە گەرمەکانیان هەڵبژاردوە بۆ کارەکانیان، بەتایبەت ڕەنگی سور. ئەمەش هۆکارەکەی دەگەڕێتەوە بۆ ئەو پێویستیە سایکۆلۆژیەی کە لە وەرزی زستاندا قەرەبووی سەرمای زستانیان پێداوەتەوە. وەک دەزانین فەرش و بەڕە زیاتر لە وەرزی سەرمادا ڕاخراوون. ئەوسیحرەی کە ڕەنگی سوری ناو فەرشەکان لە ڕۆحمانی دەکات دواجار دەبێتە هەستێکی گەرم و ووزە بەخش. هەستی هاتنەوە بۆ ناو ماڵ، ماڵ وەك سومبول بۆ هەستکردن بە ئارامی دەروونی.

**نەخش**

ناسینی نەخشەکان ئاسانترین ڕێگایە بۆ چونە ناو ئەو جیهانە ئەفسوناویەی کە فەرش و بەڕە دەیخولقێنن. هەردووبەشەکەی تر( ئەندازە و ڕەنگ) بەتەواوەتی ئەبستراکتن و زۆر بەئاسانی خۆیان نادەن بەدەستەوە. لەبەر ئەم هۆکارە، نەخش تاکە کلیلێکە کە بتوانین نهێنی پشت ئەو سومبولانەی پێ بکەینەوە کە لەسەر ڕووی فەرش و بەڕە نەخشێنراوون. هەروەها نەخشەکان تەنها سەرچاوەیەکن کە دەتوانرێت تەمەن و ڕەسەنایەتی و شوێنی دروستکردنی فەرش و بەڕەی پێ دەستنیشان بکرێت.

ژمارەیەکی زۆر نەخش هەیە کە هەر یەکەیان مانای خۆی هەیە و بەمەبەستیک دانراوون. نەخشە کۆنەکان بە گشتی بەشێوەیەکی ڕیالیستیکی دروستنەکراوون، واتە وێنەکان وەک خۆیان نەکێشراونەتەوە. وێنەکان سادە و ساکاریەکی پێوەدیارە کە ئاماژەن بۆ توانای چنرەکان لە گۆڕانکاریکردن لە شێوە واقعەکانەوە بۆ شێوە ڕوتەڵکاریەکان (ئەبستراکت). وەک دەزانرێت زۆربەی کۆچەریەکان نەخوێندەوار بوون، بۆ ئەوان ئەو وێنەنانە جۆرێک بووە لە زمان، کە لە ڕێگای ئەو زمانەوە توانیویانە ژیان و حەز و ئازارەکانی خۆیان بنووسنەوە. هەر فەرشێک کە کۆچەریەکان دروستیان کردبێت بۆخۆی چیرۆکێک بوە کە بە زمانێکی زۆر سیمبولیکی نوسراوەتەوە. بۆ خوێندنەوە و لێتێگەیشتنیان پیویستمان بە فێربوونی زمانی سیمبولیکی هەیە.

لە کەلتوری ناوچەکەدا زیاتر ژنان کاری چنییان کردوە ، بەو پێیەی کە ژنان کەمتر ڕێگەیان پێدراوە بە ئاسانی باس لە حەز و خەونەکانیان بکەن، بۆیە زۆربەی ژیانیان یان بە نهێنی ماوەتەوە یان لە دووتوێی ئەو نەخشانەدا بەجێماوون کە ئێستا لەبەر دەستی ئێمەدایە. بۆ کەسێك ئەگەر بیەوێت بە قوڵی سایکۆلۆژیای ژنانی ناوچەکە بخوێنێتەوە، زۆر پێویستە لە فەرش و بەرە وە دەستپێبکات.

**نەخش و زمانی سیمبولی**

بە گوێرەی هەردوو زمانزان و سیمبولزانی بەناوبانگ دی سۆسێر وچارلیز پێرس، زمان سستەمێکی ئاماژەی یە کە پێکدێت لە دال و مەدلول. دال فۆرمی دەرەوی ووشەکانە و مەدلول یش ماناکانیانە. بۆنمونە؛ ئەگەر ووشەی ( فەرش) دال بێت، ئەوا وێنە زهنیەکەی ناو سەری ئێمە بۆ فەرش، مەدلوولەکەیەتی. پێرس زیاتر ڕۆدەچێتە ناو پەیوەندی نێوان دال و مەدلوولەوە و پێی وایە پەیوەندی ئەو دوانە لە سێ ئاستدا دەردەکەون کەئەوانیش ئەمانەن. سیمبولیکی، ئیندیکسیکەڵ (ناڕاستەوخۆ)، ئایکۆنیک ( ڕاستەوخۆ).

ئێمە لێرەدا هەوڵدەدەین لە ڕێگای ئەو تەکنیکەی پێرس ەوە نەخشەکانی ناو فەرشە ڕۆژهەڵاتیەکان بخوێنینەوە. چونکە نەخشەکان ناو فەرشیش بەگشتی لە سێ ئاستدا خۆیان دەردەخەن. دیار، نیوە دیار، نادیار . هەندێك جار هەمان نەخش بە سێ ئاستی جیاوازە دروستکراوە. ئەو وێنەیە خوارەوە وێنەی ئەژدیهایە کە لە وێنەیەکی ڕیالیستیکیەوە ووردە ووردە بوە بە ئەبستراکت. ئەژدیها سومبولە بۆ ئەو هێزە تاریك و وێرانکەرەی ناو

سروشت و مرۆڤ کە زۆرجار لەبەرامبەر ئەژدیهادا وێنەی سیمورغ کێشراوە وەك هێزی چاکە و بنیادنەر. ئەم دوو هێزە، وەك دووپاڵنەری سەرەکی دەناسرێن لە زۆربەی کەلتورەکاندا وەك دوانەی (یین \ یانگ) تارك \ ڕووناك، چاکە \ خراپە. هتد. لە بنەڕەتدا ئەم وێنە سومبولیە لە چین هوە هاتوەتە ناوفەرشەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست.




**١- نەخشی دیار**

لەم حاڵەتەدا پەیوەندی نێوان دال ( وێنەکە) و مەدلول ( ماناکەی) ئاشکرا دەناسرێتەوە. واتە کە سەیری ئەژدیهاکە دەکەیت ڕاستەوخۆ دەزانین کە وێنەی ئەژدیهایە. هیچ ڕاز و نهێنیەك نیە لە نێوان نەخشەکە و ماناکە دا. نەخشی دیار زیاتر لەو فەرشانەدا دەبینرێن کە لە کارگەی دەستچنی ناو شارەکاندا چنراوون.

**٢- نەخشی نیوە دیار**

لەم حاڵەتەدا پەیوەندی نێوان دال ( وێنەکە) و مەدلول( ماناکەی) تاڕادەیەک دەناسرێتەوە بەڵام بەتەواوەتی ڕوون نیە. واتە دەزانین نەخشی وێنەکە بونەوەرێکە بەو پێیەی سەر و دەست و قاچی هەیە بەڵام دیار نیە چی جۆرە بونەوەرێکە. ئەم جۆرە نەخشانە لە فەرشی شاریی و فەرشی خێڵەکیشدا دەبینرێن.

**٣- نەخشی نادیار**

ئەو نەخشانەن کە بە ئاسانی ناناسرێنەوە و هیچ پیوەندیەك نیە لە نێوان دەرکەوتەکەی و ماناکەیدا. واتە هیچ پەیوەندیەک نیە لە نێوان دال ( وێنەکە) و مەدلول ( ماناکەی)یاندا. زۆربەی نەخشەکانی ناو فەرش و بەڕەی خێڵە کۆچەری و لادێنشینەکان دەچنە ئەم خانەیەوە.

**بەربڵاترین نەخشەکانی فەرشە ڕۆژهەڵاتیەکان**

بەربڵاوترین ئەو نەخشانەی کە لە فەرش و بەڕەدا دەردەکەوون دابەشدەکرێن بەسەرئەم چوار گرووپە دا؛

**یەکەم؛** ئەو نـەخـشانـەی کە پەیوەستن بە ژیان و بەردەوامی دان بە ژیانەوە. کە ئەوانیش بـریتین لـە نـەخشی، ( ئەستێرە، جۆگەی ئـاو، یین\ یانـگ، قۆچی بەران، گـوارە، دەسـت لە سەر کەمەر، هـتد.). کە ئەمـانە وەک سومبولی لە دایک بوون، مردن، ژیانەوە، خیزان و بەردەوامیدان دەناسرێنەوە.

**دووەم؛** ئەو نـەخـشانـەن کە پەیوەستن بە بـاوەڕ و ئـاینەوە. وەك ( خـاچ، قـولاپ، لەپی دەسـت، نـوشـتە، هـتد.) ئەمانەش سومبولی ئاین و بۆچونە خورافیەکانی وەک چاوپیسی و منداڵ نەبوون و . هتد.

**سێیەم؛** ئەو نـەخـشانـەی کە پەیوەستن بە گیانـدارەوە. وەك ( ئەژدیها، بـاڵندە، تـاوس، دووپشـک، مـار، ئـاسک، حوشتر، سەگ و گورگ. هتد.) کە هەریەک لەمانەش سومبولن بۆ شتێکی دیاریکراو.

**چـوارەم؛** نــەخشی درەخـت و گــوڵ. وەك ( درەختی ژیان، گــوڵەبــاخ، گەڵا، تۆو( بۆتێ)، سـنەوبەر، مێو، هەنار.... هتد.) کە هەریەک لەمانیش سومبولن بۆ شتێکی دیاریکراو.

**خوێندنەوەی هەندێك نەخش**

**قۆچی بەران**

قۆچی بەران، ســومــبولی نێرایەتی و هێز و پــاڵەوانیەتی و بەردەمیدانە بە ژیان. لە کۆنــدا قۆچی بەران بەکارهێنراوە وەک ڕەمـزی یەکبوون( یەکبوونی تـاکەکانی خێزان و خێڵ). دروسـتکردنی شـاخەکان بەشێوەی حەلەزۆنی( هێلکە شەیتانۆکە) سـومـبولی بـەردەوامی و هـەتـاهـەتـایی بـوونی دەسـتەڵاتی خێڵە یان دەسـتەڵاتی ئیلاهیە. هەروەها ئەم نەخشە سومبولی قوربانی دانیشە.





هەندێک لە نەخشی قۆچی بەران

**باوەڕ (نوشتە و چاوی پیس)**

ئەم نەخشانە بە مەبەستی پاراستنی مرۆڤ لە بەدبەختی و ووزەی خراپەوە دروستکراوون. لە دیدی زۆربەی کۆمەڵگا دێرینەکانەوە هەندێک کەس بەبێ ویستی خۆیان خاوەنی ووزەیەکی خراپن( چاوپیسی) کە دەبێتە هۆی هێنای بەدبەختی و عەزاب بۆ خەڵکانی تر. بۆیە باوەڕیان وابوە بە دروستکردنی ( چاوەزار) دەیانپارێزێت لەوهێزە خراپە بانسروشتیەی کە پێیدەوترێت  چاوپیسی.

لە ناو فەرش و بەڕەدا ئەم نەخشە ناسراوە بە نەخشی باوەڕ. بە چەند شێوەی جیاواز دروستکراوە، کە زۆربەیان فۆرمێکی هەندەسیان هەیە وەک چوارگۆشە، لاکێشە،  سێگۆشە و ... هتد. ئەم نەخشانە هەموویان نادیارن واتە سیمبولین چونکە پەیوەندی نێوان دال و مەدللولەکە ناڕوونە.





هەندێک لە نەخشی باوەڕ ( چاوپیسی و نوشتە).

**باڵندە**

هیچ نەخشێک نیە لە ناو فەرش و بەڕەدا هێندە نەخشیی باڵندە مانا و دەلالاتی جیاوازی هەڵگرتبێت. باڵندە، سومبولە بۆ شادی، خۆشەویستی، بەختیاری، ئازایەتی، دەستەڵات، پەچوو، مەرگ.... هتد. هەر جۆرە باڵندەیەک مانایەکی جیای هەیە، کونەپەپوو و قەلەڕەش ڕەمزن بۆ بەختی خراپ، لەکاتێکدا کۆتر مانای بەختی باش دەگەیەنێت. داڵ و واشە ڕەمزی دەستەڵاتن ، سیمرخ و تاووس ڕەمزن بۆ بەهەشت و نەمری. زۆرجار،نەخشی باڵندە سومبولە بۆ ڕۆحی مردوو، هەندێک جار وەک موعجیزەی فڕین و هەوڵی مرۆڤ بۆ ڕزگاربوون لە دنیای سنورداری خۆی دروستکراوە.





هەندێک لە نەخشی باڵندە

### درەختی ژیان

بەگوێرەی زۆربەی ئاین و ئەفسانەکان درەخت گرنگی خۆی هەیە. درەخت لەخۆیدا هەڵگری سێ ڕەهەندی گەردوونیە، ڕەگ وەک جیهانی ژێرەوە، قەد وەک ژیانی سەر زەوی و لق و پۆپەکەشی وەک ئاسمان. هەر ناوچەیە و وێنەی درەختێکیان کێشاوە لە کارەکانیاندا وەک سومبول بۆ (درەختی ژیان). وەک درەختی هەنار، خورما، هەنجیر، ترێ، سنەوبەر، .. هتد. کە هەموویان سومبولن بۆ گەڕان بەدوای نەمریدا . بە گوێرەی ئاینە یەکتاپەریستیەکان بێت کاتێک کە ئادەم و حەوا بەڵێنەکەیان شکاندو لە بەری ئەو درەختەیان خوارد کە خودا لێیان حەرام کرابوو، ئیدی وەک سزایەک خودا ناردنی بۆ سەر زەوی. لەدوای ئەوەوە نەخشی درەختی ژیان بەکارهێنراوە وەک سومبولی گەڕانەوە بۆ بەهەشت. سنەوبەر یەکێکە لەو درەختانەی کە زۆربەی جار دەبینرێت لەناو فەرشە ڕۆژهەڵاتیەکاندا و سومبولە بۆ بەهەشت، بەو پێیەی کە هەمیشە سەوزە وە بەشێوەیەکی ستونی لە زەویەوە کشاوە بەرەو ئاسمان. هەمیشە سەوز، نیشانەی نەمریە و شێوە ستونیەکەشی ڕەمزە بۆ ووستی مرۆڤ بۆ گەیشتنی بە جیهانی سەرەوە.





هەندێک لە نەخشی درەخت

### جیاوازی فەرشی خێڵەکی و فەرشی شار( کارگە)

بەگشتی فەرش دوو جۆری هەیە، فەرشی شاری و فەرشی کۆچەری و لادێنشینەکان. خاڵی جیاکەرەوە لە نێوان ئەم دوو ستایلەدا ئەوەیە کە لە فەرشی خێلەکی و لادێنشینەکاندا دیزاینەر و چنەرەکە هەر هەمان کەسن. لە کاتێکدا کە لە فەرشی شاریی ( کارگەیی) دا ئەو دووانە جیان. جیاکردنەوەی ئەم دووانە لەیەک نە تەنها کاریگەریەکی خراپی داناوە لەسەر ڕەواڵەتی فەرش بەڵکو بووەتە هۆی تێکچونی پەیوەندی نێوان چنەر و ئیشەکەی. واتە پێشتر چنەر فەرشی وەک کاغەزێك دەبینی کە لە ڕێگایەوە خەون و ئارەزووەکانی خۆی تیادا تۆماردەکرد. بەڵام لە فەرشی شاریدا ئەو هەستە هونەریە لەلای چنەر نامێنێت و پەیوەندی ئەو بە چنینەکەیەوە دەبێتە پەیوەندیەکی بێرۆح و ماتریاڵی. سەرئەنجام فەرشی شار تاکە ئامانجێکی هەیە ئەویش ڕازیکردنی

کرپارەکـــەیە، بۆ ئەو مەبەســـتەیش دیزاینەرەکە هەرنـــەخشێکی بـــوێت دادەنێت لە نـــاو فەرشەکەدا بەبێ ڕەچاوکردنی مانا سومبولیەکانی. هەرچەندە فەرشی شاریی باشتر  و وورد تر چنراوون بـەڵام تارادەیەکی زۆر بێرۆح و بێجەوهەر دەردەکەوێت لەبەرامبەر فەرشە خێڵەکیەکاندا.





فەرشی خێڵەکی

فەرشی شاریی ( کارگەیی)

فەرشی خێڵەکی زیاتر نـەخشەکانی شێوە ئـەندازەین و هـەندێك جـار نـاڕێکیەکی تێدایە لـە داڕشتنەکـەیدا بـەڵام بەگشتی جوانترە بەهۆی بوونی ڕەنگە سروشتیەکانیەوە و لەهەمان کاتدا هەست بە شوێنەواری دەست و پلی مرۆڤانە دەکەیت لەسەری. لە کاتێکدا فەرشی شاریی نەخشەکانی شێوە واقعین و توانای پێچ و جوڵەی زیاترە بەڵام بەهۆی بوونی ڕەنگی کیمیاوی و تێنەگەیشتن لە مانای نەخشەکان تەنها وەك کارێکی جوان بۆ ڕازاندنەوە دەردەکەوێت و هەست دەکەیت هیچ شوێنەوەرێکی دەست وپلی مرۆڤانەی لەسەر نیە. نەخشەکانی ناو فەرشی شـاریی بێبەریە لەو سەروەتە مەعـنـەوییەی کە فەرشی خێڵەکی دروسـتی کردوە، بـەڵکو تەهـا کۆپی ئەو نەخشانەن بە شێوەیەکی وورتر و ڕێکتر چنراوون بەڵام بێناوەرۆك.

دواجـار، ئەوەی کە لە فەرشی شـاردا وونە ' شـوێنەواری هەسـتی مـرۆڤانەیە '. کە ئەویش پەیوەسـتە بەو پەیوەندیەی چنەر دەبەستێتەوە بە ماتریاڵ و کارەکەیەوە. لەم سەردەمەدا فەرشی کارگەیی کارێکی کردوە کە هـونەری چنینی لە سیاقی تـرادسیۆنی خۆی هێناوەتە دەرەوە . واتە بەرهەمهێنانەوەی تەکنیکی کۆتـایی بەو هونەرە هێناوە کە خێلەکیەکان ڕۆژگارێک هەوڵیان داوە لە ڕێگایەوە ڕۆحی خۆیانی پێ بەیان بکەن.
لەلای خێڵەکان فەرش تەنـها بۆ ئەوە دروسـت نەکراوە کە بەکاری بهێنن وەک ڕاخەر، بەڵکو ئەوان هەوڵیان داوە هەست و بیرکردنەوەکانی خۆیان بخەنە ناو یەوە.

لە ئێستادا زۆربەی ئەو فەرشـــانەی کە بەرهەم دێت لە کارگەکانەوە دێنە دەرەوە. ئەم فەرشـــانەش وا دیزاین دەکرێن کە خێراتـر بـفرۆشـرێن لە بـازاڕیکانـدا. بەتـایبەت بـازاڕی ئەورووپی، کە ئەمەش وادەکات ڕەنـگ و دیزاینی فەرشەکان بە پێی ڕەنــگ و دیزاینی نــاومــاڵێ ئەورووپیەکان بــەرهــەمبهێنرێت. لەبەر ئەمەش هیچ گرنگیەک بەلایەنی ڕەنگ و نەخشەکان نادرێت .



فەرشی کارگەیی

فەرشی شـاری( کارگە) هەر لەسەرەتـاوە گرنگی نەداوە بە مـانـا سیمبۆلیەکانی نـاو فەرش هەربۆیە بەپێێ کات تـوانیویەتی بەتەواوەتی نـەخشەکان دابماڵرێن لە هەموو مـانـایەک. ئیشی نـەخشەکان لە نـاو فەرشی شـاریی دا تەنها ڕازاندنەوە یە. لە کاتێکدا کە نەخشە خێڵەکیەکان هەم بۆ ڕازاندنەوە بەکارهێنراوون و هەم ماناداریشن.

**ئایندەی سومبولەکان لە ناو فەرش و بەڕەدا**

ئـەو گۆڕانکاریانـەی کـە لـە بـەرهـەمهێنانی فـەرش و بـەڕەدا ڕویانـداوە لـەم چـەنـد سـەدەیەی ڕابـوردوودا وەك بەرهەمهێنانی فەرش لە ڕێگای کارگەکانەوە یان چنین فەرش بۆ مـەبـەستی فرۆشتن، بـوەنـەتـە هۆی ئەوەی کە نەخشەکان تاڕادەیەکی زۆر ماناکانی خۆیان لە کیسبدەن وهیچ بەهایەکیان نەمینێت . فەرشی کارگە هەمیشە بۆ مەبەسـتی فرۆشـتن بەرهەم هـاتـوە لە کاتێکدا کە فەرشی خێڵ و کۆچەریەکان ، کە دیزاینەر و چنرەکەی هەر هەمان کەسبوون، بۆ پێداویستی نـاو مـاڵ دروستکراوە ،ئەم گۆڕانکاریەش لە وەزیفەی دروستکردنی فەرش دا ( لە بــابەتێکی نــاو مــاڵ ەوە بۆ بــابەتێکی بــازرگــانی) کارێکی کرد کە هەمــوو ئەو بەهــا میتافیزیکی و سایکۆلۆژیەی کە بە درێژایی سەدان ساڵ هەیبوو تاڕادیەکەی زۆر کۆتایی پێبهێنێت.

فەرش لە سەدەی ١٦ هەتا ١٩ بەتەواوەتی بە پیشەسازیی کراوە لە جیهانی ئیسلامیدا بەتایبەت ئێران( سەردەمی قاجارەکان) و تورکیا( سەردەمی عوسمانیەکان)، ئەوەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەو داواکاریە زۆرەی کە ڕۆژئاواییەکان لەو کاتەدا هەیان بوە بۆ فەرشی ڕۆژهەڵاتی. فەرش تاکە بەرهەمێکی هونەری بوە لە جیهانی ئیسلامی دا کە توانیویەتی تەرکیزی ئەوروپیەکان ڕابکێشێت بۆ خۆی. ئەمەش وای کرد کە خواست لەسەر کڕنی فەرش زۆر ببێت. بەجۆرێک لەماوەیەکی کەمدا ژمارەیەکی زۆر کارگەی بچوك و گەورە لە شارەکاندا کرانەوە بۆ ئەو مەبەستە و هەتا ئێستاش بەردەوامن.

**مرۆڤی مۆدێرن و سومبول**

ئەو گۆڕانکاریە ڕیشەییانە لە بەرهەمهێنانی فەرشدا ڕویاندا و هاوکات لەگەڵ ئەو گۆڕانە خێرایانە کەبەسەر بیرکردنەوەی مرۆڤی مۆدێرندا هاتوە، کارێکی کردوە کە زۆر ئەستەمە باوەڕ بە مرۆڤی ئەم سەردەمە بهێنی کە چی دەگوزەرێت لەودیو ڕەهەندە نادیارە و شاراوەکانی نەخش و نیگاری فەرش. مرۆڤی مۆدێرن تاڕادیەك شەوارەی کردوە بە لایەنی مادی شتەکان وجەوهەرەکانیانی لە بیرکردوە. مرۆڤێکی ڕەواڵەتگەرایە و باوەڕی بە دیوی دووەمی شتەکان نیە. بۆیە سیمبول هیچ مانا و بەهایەکی نیە لەلایان.

بۆ ئەوەی بتوانین مانایەك بدەینەوە بەو گەنجینە کەلتوریە ی کە هەمانە دەبێت برەو بدەین بە تێگەیشتن لەو زمانی سیمبولییەی کەلە هونەری ترادسیۆندا هەیە بەتایبەت لەناو ئەکادیمیا هونەریەکاندا پێویستە جێگای بکرێتەوە، چونکە بەبێ ئەو تێگەیشتنە ناتوانین هەرگیز دەستمان بگات بە ئەو زانیاریە کەلتوریانە کە لە دووتوێی فەرش و بەڕەکاندا بە شاردراوەیی ماونەتەوە.

ئەوەی کە هێشتا هیوابەخشە ئەوەیە کە جوانی و ڕەسەنایەتی فەرشە خێڵەکیەکان هەمیشە ڕوونتر و ئاشکراتر خۆیان دەردەخەن لەئاست ئەو فەرشە بێ ڕۆحانەی کە کارگەکان بەرهەمی دەهێنن. ئەو جوانی و هارمۆنیەی کە لە فەرشە دێرینەکاندا هەیە وادەکات کە بەردەوام بیر لەو سیحرە بکەینەوە کە لە پشت ئەو کارانەوە خۆی حەشارداوە. سیحرێك کە هەر کات ڕوبەڕووی بوینەوە دەستمان دەگرێت بەرەو جیهانی نادیارەی سومبولەکان.

سەرچاوەکان:

Seyyed Hossein Nasr, Islamic Art and Spirituality, 1997

How to Read Islamic Carpet , Walter B Denny, 2014

Barty Phillips, Living With Carpets,( Thames and Hudson Ltd,1997)

Becky Koenig, Color workbook, Prentice Hall,( USA: upper saddle river, New Jersey,2003)

Man and his Symbols, ed.by,C.G.Jung. (Dell Publishing, Inc, 1968)

Peter F. Stone, Tribal & Village Ruges,( London: Thames & Hudson, 2011)

P.R.J. FROD, Oriental Carpet Design, (Thames and Hudson Ltd, 1997)

Walter Benjamin, The Work of Art in the Mechanical Reproduction, (Penguin Books – Great Ideas, 2008)